زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر

كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەش: زانستی گشتی/ بەیانیان

بابەت: Educational Technology & Viewing

قۆناغ: سێیەم

خوول: دووەم

كات: 2 كاتژمێر

بەروار: 29 / 5 /2024

تاقیكردنەوەی كۆتایی سیمستەری دووەم

2024-2023

---

**پ2/ نیشانەی ڕاست(  ) یان هەڵە(  ) لەبەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ، هەڵەكانیش ڕاست بكەوە؟ (10نمرە)**

1- تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ئامرازێكی فێركاریە ڕێگە بە تۆماركردنی شارەزایی و ئەزموونەكان و دووبارە گەڕاندنەوەیان دەدات.

2- كەناڵی پەیوەندیكردن ئەو ئاڵۆزی و ژاوەژاوەیە كە ڕوودەدات لەكاتی گواستنەوەی پەیامدا.

3- شوێنی تەكنەلۆژیای پەروەردەیی بریتی یە لە دامەزراوەی فێركاری، بەلام شوێنی تەكنەلۆژیای فێركردن دامەزراوەی پەروەردەیی دەگرێتەوە.

4- یەكێك لەو هۆكارانەی كەوا پەیوەستە بەنێرەر دەبێت ئەزموونی پێشووی هەبێت تاوەكو لە پەیامەكە تێبگات.

5- یەكێك لە گرنگیەكانی تەكنەلۆژیای فێركردن لە وانەووتنەوەدا مانە وە و پاراستنی زانیارییە بۆ ماوە یە كی درێژ لە بیری قوتابیاندا.

---

**پ3/ وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە؟ (15نمرە)**

أ/ تەكنەلۆژیای فێركردن چیە؟ جۆرەكانی تەكنەلۆژیای فێركردنی بیستن و بینین بژمێرەو بەكورتی باسیان بكە؟ (9نمرە)

ب/ تەنها (6) شەش خاڵ لە گرنگی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای فێركردن بۆ قوتابی بژمێرە؟ (6نمرە)

---

**پ4/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبكەرەوە: (10نمرە)**

1- پرۆسەی پەیوەندیكردن كاریگەر دەبێت بە دوو فاكتەر ئەوانیش .......................... و ........................... .

2- ئەوانەی لەفێركردن لە دوورەوە ڕۆڵی كارایان هەیە بریتیین لە ......................، ......................، ...................... .

3- تەكنەلۆژیای فێركردن یارمەتیدەرە بۆ بەشداری پێكردنی هەموو .......................... .

4- تەكنەلۆژیای پەروەردەیی.................... لە تەكنەلۆژیای فێركردن.

5- هۆكاری تێنەگەیشتنی وەرگر لە پەیام بریتییە لە ..........................، ..........................، ............................ .

---

**پ5/ ئەمانەی خوارەوە ڕوون بكەرەوە: (15نمرە)**

1- بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای فێركردن بووە هۆی زاڵبوون بەسەر گرنگترین كێشە پەروەردەییەكان لەوانە، كێشەی وانەی تایبەت بوو، چۆن؟

2- فیدباك ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە پێكهاتەكانی پرۆسەی پەیوەندیكردن، بۆچی؟

3- یەكێك لە لایەنە نەرێنییەكانی فێركردن لە دوورەوە ئەوەیە دەبێتەهۆی لاواز بوونی پەیوەندی كۆمەڵایەتی، بۆچی؟

**بەهیوای سەركەوتن**

**واژوو:**

**مامۆستای بابەت: م. سارا أحمد محمدأمین**